# حیكایەتەكانی مەمك

**عەلی نارێنی**
alinarini@yahoo.com



1

قافیەی هەر مەمكێك

جیاوازە لەوی تر

كێشی هەر مەمكێكیش

جیاوازە لە یەكێكی تر

هەر مەمكێك بە ئاوازێك و...

هەر مەمكێكیش بە زمانێك

سروودی ئازادی دەخوێنێ

بەلاّم مەمك

هەموو مەمكان

لە یەك جێگادا چەقیون و...

دەستەمۆی تەوقی مەمكدانێكی بێ نرخن

2

لە بینینی هەر مەمكێكی رووت

وەرزێكی نوێ لە دایك ئەبێ

وەرزی خۆزگە

لە قولاّیی تاسەوە

خەیاڵم هێشوو ئەكات و..

ترێی جوانی

ئەگوشێتە زاری شیعرم

3

**لە شەودا**

**مەمکەکانت وەکو شووشە**

**دەبریسکێنەوە**

**ئەگەر پەروانە پشتی لە شەم کرد**

**ئەگەر نالی**

**حاشای لە شیعرو**

**لە حەبیبە وشارەزوور کرد**

**منیش دەست بۆ ئەو جووتە مەمکە نابەم**

4

**گێڕانەوەی مەمکێك**

**حیکایەتی گەورەبوونی خۆی**

**بۆ شنەباو..**

**ئاوی دوشی خۆشتن**

**درێژترە لە چیرۆکی**

**شەوێك وهەزار شەوە**

**پڕ قارەمانێتی ترە**

**لە چیرۆکی قەلاّی دمدم**

**شیرینترە**

**لە هەزاران رۆمان و..**

**هەزاران گێڕانەوەی**

**چیرۆکی خۆشەویستی**

**کەچی ئێمەش بەم هەموو سوتانەوە**

**گوێی نادەینێ ولێی تێناگەین**

5

سی ساڵە
بە ئاواتم
دوو کارژۆڵە مەمکی
شلکە ژنێکی عەیار ببینم
رووت رووت وەکو خۆیان
لە بەر پرشنگی هەتاودا
بۆ خولەکێك باوێشك بدەن و..
هەر نەمبینی
خودایە چی خەونێکی ساکارم هەیە من
ئەی شیعر ئەم سوتانەم بنوسەوە

6

مەمکەکانت تەنها جارێك
هاتنە ماڵی پڕشکۆی لەپم و..
بۆ چەند ساتێك خۆیان لە ختوکە هەڵژنی
ناونیشانی خۆیان جێهێشت ورۆیشتن
دەستی منیش دۆستزەدەیە
لەو رۆژەوەو
هەر بە هەمان ناونیشاندا
دەیان جار لە رۆژێکدا
سەر لە ماڵی دۆستی هەمیشە ئازیزی
مەمکەکانت دەدەن